Western Kurdistan Government in Exile

WKA, Palingswick House, 241 King Street, London W6 9LP, UK
Tel: 0208 748 7874, Fax: 0208 741 6436, Mobile: 07768 266005
www.rojavatv.org.uk e-mails: wka@knc.org.uk KNC@ribrahim.de

بۆ جەماوەری گەلە پاڵەوانەکەمان لە رۆژاوای کوردستان
هەموو نەورۆز و راپەڕینێکتان پیرۆز بێت لەسەر ڕێگای ئازادی و سەربەخۆیی

لەسەر داوەتنامەی کۆمەڵەی کورد لە وڵاتە یەکگرتوەکان، حکومەتی رۆژاوای کوردستان ئامادەی کۆنفرانسێك بوو لە کۆنگرێسی ئەمریکا لەژێر دروشمی مافەکانی مرۆڤایەتی و نەتەوەیی گەلی کورد لە رۆژاوای کوردستان و دیمۆکراسی بۆ سوریا.
لە کۆنفرانسەکەدا د. جەواد مەلا وەك نوێنەری حکومەتی رۆژاوای کوردستان لەگەڵ کاك شێرکۆ زێن عەلوش سکرتێری کۆمەڵەی رۆژاوای کوردستان شان بەشانی پارت و کەسایەتی دیکەی کوردی ئامادەبوون تاکو نوێنەرایەتییکی هاوبەش و ناوەندی بۆ گەلی کورد لە رۆژاوای کوردستان بدۆزنەوە و هەموو لاییك لەسەر خاڵی هاوبەش رێککەوتن و بڕیاریاندا کە بەپێی توانا کاربکەن بۆ دوورکەوتنەوە لە جیاوازیەکانیان، وە سەرەڕای کەموکوڕی و توانجی هەندێك و پشتگوێخستنی کێشەی گرنگ و سەرەکی و ستراتیژی، حکومەتی رۆژاوای کوردستان هەرپێش گرتنی کۆنفرانسەکە بڕیاریدا لاپەڕەییکی نوێ لەگەڵ هەموو هێزە کورددییەکان لەم قۆناغە نوێیەدا بکاتەوە. بەڵام هەندێك لایەن وتەی تانەدار و نەگونجاویان ئاراستەی ئەوانی دی کرد و هەندێکیشیان لەبەر هەمان هۆ لە کۆنفرانسەکە کشانەوە، بەڵام حکومەتی رۆژاوای کوردستان تادوایی بەشێوەییکی پۆزەتیڤانە بۆ سەرکەوتنی کۆنفرانسەکە کاری خۆی کرد و بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کۆنگرێسی ئەمریکادا حکومەتی رۆژاوای کوردستان ئەم خاڵانەی خوارەوەی دابینکرد:

1- **لەبەر ئەوەی کە ئاڵای کوردستان لە هۆڵی کۆنگرێسی ئەمریکادا نەبوو کاك شێرکۆ زێن عەلوش سکرتێری کۆمەڵەی رۆژاوای کوردستان لە لەندەن ئاڵاییکی کوردستانی هێنا و لەسەر شوێنی وتاری سەرەکی داینا تاکو کۆبوونەوەکە لە هێماکانی نەتەوەیی بێبەش نەبێت لە ئاڵای کوردستان کە نوێنەری کەسایەتی و نواندنی کوردە بەهەموو لایەنەکانیەوە.**
2- **د. جەواد مەلا نوێنەری حکومەتی رۆژاوای کوردستان بە جلی کورددییەوە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کۆنگرێسی ئەمریکا هاتە ژوورەوە.**
3- **د. جەواد مەلا نوێنەری حکومەتی رۆژاوای کوردستان لە وتەکەیدا بەزمانی ئینگلیزی داوای لە کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کرد تاکو رفراندۆمێکی گشتی رێکبخەن تاکو گەلی کورد بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات.**
4- **هەروا داوای کرد بۆ پێکهێنانی نوێنەرایەتییکی هاوبەش و ناوەندی بۆ گەلی کورد لە رۆژاوای کوردستان.**
5- **هەروا رادیۆی رۆژاوای خستە خزمەتی یەکێتی گەلی کورد لە رۆژاوای کوردستان.**

لەکۆتاییدا کۆنفرانسەکە بڕیاریدا کە کۆنفرانسێکی دی لە بەلجیکا ببەسترێت بۆ پێکهێنانی شوراییێکی نیشتمانی بۆ رۆژاوای کوردستان، و بۆ چاودێری ئەم کارانە لیژنەییێکی ئامادەکردن هەڵبژێردرا لە پارت و کەسایەتی کورد و نوێنەرێکی حکومەتی رۆژاوای کوردستان.

بژی کوردستانی ئازاد و سەربەخۆ.

حکومەتی رۆژاوای کوردستان لەهەندەران

2006 – 3 – 13